# ئاسۆس سێ ئامێر لەیەک ئامێردا کۆدەکاتەوە



لەکــوردەواری خۆماندا دەڵێن لەیەکێکیان پرسـی، حەزت لەخورمایە یان مێوژ، کوتـی خورمێو وادە خورما و مێوژ!.. پەدفۆنیـش لەجیهانـی ئەلکترۆنیدا هەمان خورمێژی کوردییە، واتە مۆبایـل و تەبلێت و لاپتۆپێك لەیەك ئامێـردا. دیزاینی ئامێرەکە وەك تەبلێتێك دەچێت، بەڵام هەرکاتێك حەز بکەی دەتوانی دڵی تەبلێتەکە دەربێنی! کە لەراستیدا مۆبایلەکە و قسەی پێبکەی، یان زۆر بەئاسانی تەبلێتەکە بکەی بەلاپتۆپێکی تەواو!

Padfone خاوەنی شاشـەیەکی جۆری super AMOLEDە. کە لەناو خودی تەبلێتەکەدا مۆبایلێکی هۆشـمەندی هەیە کە شاشـەکەی 4.3 ئینجە و لەگەڵ شاشەیەکی 10 ئینجی. مۆبایلەکە سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە. کامێرایەکی 8 میگاپیکسلی هەیە لەگەڵ میمۆری ناوخۆی کە 16 گیگابایتە و دەکرێتە 64 گیگابایتیش. ئامێری Padfone گشت سیستەمەکانی وایەرلەیسی وەك بلوتوس وای فای...تاد هەیە. جگەلەوەش پێنووسـێکی ئەلکترۆنی لەگەڵە کە دەتوانی تەبلێتەکە وەك دەفتەری یادداشـت بەکار بێنی. پێنووسـەکە هەر ئەرکی نووسـین ئەنجام نادات بگرە، ئەو کاتەی کە مۆبایلەکە لەناو تەبلێتەکەدایە ڕۆڵی هێدستێك دەبینێ کە دەتوانی بەهۆیەوە وەڵامی پێوەندییەکان بدەیەوە.

# فلاش میمۆرییەک دەبێتە سیستەمی wi-fi

فلاش میمۆری دەکرێ بڵێین بەربڵاوترین و گونجاوترین و کەم قەبارە و کەم کێشترین ئامـرازی گواسـتنەوە و خەزنکردنـی داتاکانە. ئێسـتا ئەوەی کە تەنیا بۆ کات بەسـەربردنیش بێتە سەر کۆمپیوتەر فلاش میمۆری خۆی هەیـە.. فلاش میمۆری بچووکی دوو گیگابایتی کۆمپانیای ravi rattan جگـە لەوەی کە وەك هــەر فلاش میمۆرییەکی دیکە داتاکان دەگوازێتـەوە، ئەرکێکی دیکەی ئەو فلاش میمۆرییە ئەوەیە کە دەبێتە سیستەمی wi-fi بەکارهێنـەر دەتوانێت فلاش میمۆرییەکە لەسـەر کۆمپیوتەرێك دابنێت کە ئەنتەرنێتی خێـرای لەسـەرە و بە ئاسـانی ئەنتەرنێت بـۆ لاپتـۆپ و مۆبایلە هۆشـمەندەکان بگوازێتەوە.




# پیانۆیەکی پورتێبل بەسەری پەنجەکانتەوە

گەر حەز لەمۆسـیقا دەکەی و لایەنگرێکی لێدانی ئامێری پیانۆی، لەزۆربەی مۆبایلە هۆشـمەندەکان و کۆمپیوتەردا پرۆگرامێکی تایبەت بەلێدانی پیانۆ هەیـە کە هیچ جیـاوازی نییە لەگـەڵ پیانۆیەکی ئاسایی، بەڵام گەر چێژ لەلێدانی مۆسیقی لەسەر مۆبایل یـا کۆمپیوتەر ناکەی، ئەو ئامێرەی کە وێنەکەی دەبینن و لەلایەن ژاپۆنەوە بەرهەم هاتووە جێگرەوەیەکی باشە.

پیانۆ پورتێبڵەکە وەك پەنجەوانەیەك لەدەسـت دەکرێت. و پاشـان هەر ئەوەندە بەسـە کە پەنجەکانت وەك لێدانی پیانۆ لەسـەر شـتێك دابنێی و ئیدی لەڕێگای ئەو سپیکەرانەی کە لەسەر پەنجەوانەکە هەن گوێ لەمۆسیقاکە بگری. لەو پیانۆیەدا سـێ جۆرە دەنگ هەیە. بۆ سوود لێوەرگرتنیشی پێویستیت بەسێ باتری بچووکە.



# بە هەناسەکانت مۆبایلەکەت شەحن بکەوە



دەڵێن ڕۆژێك دادێت مرۆڤ هەناسەکانیشی بەفیڕۆ ناڕوات، ڕەنگە ئەو بۆچوونە لە داهێنانی ئەو ئامێرەدا تەواو جێی خۆی گرتبێ. ئامێری AIRE mask گشت ئەو هەناسانەی هەڵیاندەکێشی دەکات بەوزەی پێویست بۆ مۆبایلەکان، بەڵام ئەمە چۆن ئەنجام دەدرێت؟

لەناو ئەو ماسکەدا توربایینێکی بچووك هەیە کە لەکاتی هەناسەکێشاندا دەست دەکات بەسوڕان، ماسکەکەش بەهۆی وایەرەکەوە بەمۆبایلەکەتەوە پێوەند دراوە و لەڕێگای سوڕانی توربایینەکە وزەی پێویست بۆ شەحنی مۆبایلەکە دەگوازرێتەوە. ئێوە دەتوانن لەو ماسەکە لەهەموو کاتێك سوود وەربگرن، لەکاتی ڕۆیشتن، وەرزش کردن، دانیشتن و تەنانەت نووستنیش! ماسکەکە سوودێکی دیکەشی هەیە ئەویش لەکاتی خوڵبارینداکە لەم هەرێمەدا جارجارە ڕوودەدات بەرگری لەچوونەژوورەوەی تۆز و خۆڵ بۆناو سییەکانت دەکات.

# ئامێرێکی هۆشمەند کۆنترۆڵی ئامێرە ئەلکترۆنییەکانتان دەکات



کۆنترۆڵی ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی ماڵەوە گەلێکن، وەك کۆنترۆڵی تەلەڤزیۆن، کۆنترۆڵی ڕیسیرڤەر (سەتەلایت) کۆنترۆڵی دیڤیدی...تاد. نە تەنیا بۆ من، بەڵکو بۆ ئێوەش هاتۆتە پێش کە کۆنترۆڵی یەکێك لەئامێرەکانتان ون کردبێ و ماوەیەکی زۆر بەدوایدا گەڕابن، یان مۆبایلەکەتان نەزانی بێ لەکوێ داناوە، دەکرێ بۆ مۆبایل نوکەیەك بکەی و بیدۆزیەوە، بەڵام نوکە بۆ ڕیمۆت کۆنترۆڵەکان ناکرێت.

کۆمپانیای Lumigon بیری لەوەکردۆتەوە و بەداهێنانی ئامێری Lumingon T2 ئەو کێشەیەی چارە کردووە. ئامێرەکە لەراستیدا مۆبایلێکی هۆشمەندی ئەندرۆیە کە هاوکات بەڕیمۆت کۆنترۆڵێکی گشتیش دەژمێردرێت. مۆبایلە هۆشمەندەکە پرۆسیسەری 4.1 گیگاهێرتزە، کامێراکەی 8 میگاپیکسلە. توانای فۆکسی ئۆتۆماتیکی و کوالیتییەکەی زۆر بەرزە. بەڵام ئەوەی ئەو مۆبایلە جیادەکاتەوە لەمۆبایلی دیکە بەشی ڕیمۆت کۆنترۆڵ واتە کۆنترۆڵکردن لەڕێگای دوورەوەیە، ئێوە دەتوانن T2 بەجێگای گشت ڕیمۆت کۆنترۆڵەکانی ماڵەوە بەکار بێنن. وەك ڕیمۆت کۆنترۆڵی تەلەڤزیۆن، ڤیدیۆ، دیڤیدی، سپلێت... تاد. مۆبایلەکە فەرمانی ڕیمۆت کۆنترۆڵەکانی دیکە کۆپی دەکات و لەیادگەی خۆیدا تۆماری دەکات. دەکرێت شوێنی فەرمانەکانیش بگۆڕی.

# ریمۆت کۆنترۆڵ یا ماوسی تەلەڤزیۆن



ریمۆت کۆنترۆڵ واتە کۆنترۆڵ کردن لەڕێگای دوورەوە هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەرنەهاتووە و هەمووی پێکهاتووە لەچەندین دوگمەیەك کە بەداگرتنی هەر کام لەدوگمەکان فەرمانێك جێبەجێ دەبێت. بەڵام ڕیمۆت کۆنترۆڵی LG وەك ڕیمۆت کۆنترۆڵێکی سیحری دەچێت، ئەو ڕیمۆت کۆنترۆڵە تایبەتە بەتەلەڤزیۆنە هۆشمەندەکان، لەو ڕیمۆت کۆنترۆڵەدا وەك ماوس دوگمەی (Scroll) ئەو گۆیەی کە لەناوەندی ماوسدا هەیە بەسوڕاندنی بەناو پەیجەکاندا گەشت دەکەی، ئەو دوگمەیە لەو ڕیمۆت کۆنترۆڵەدا هەیە. توانایەکی دیکە کە لەو ڕیمۆت کۆنترۆڵەدا هەیە ئەوەیە کە جوڵەی سیحری پێدەگوترێت، واتە تەنیا بەجوڵانێکی کۆنترۆڵەکە بۆ لای ڕاست یان لای چەپ کەناڵەکە دەگۆڕدرێت. یان لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە بۆ نموونە لەکەناڵێك دەگەڕێی کە بەپیتی K دەست پێدەکات، تەنیا ئەوەندە بەسە کە لەسەر کۆنترۆڵەکە بەپەنجەی خۆت پیتەکە بنووسی ئیدی ئۆتۆماتیکی تەلەڤزیۆنەکە دەچێتە سەر ئەو کەناڵە.

توانایی ناسینی دەنگ لەو ڕیمۆت کۆنترۆڵە تایبەتمەندییەکی دیکەیە هەرکە بەدەنگی خۆت فەرمانێك بکەی کە پێشتر ئەو فەرمانەت بۆ دانابێت جێبەجێی دەکات، ڕیمۆت کۆنترۆڵەکە گشت دەنگەکان دەناسێتەوە.

# ماوس یان پەنجەوانە



ماوسی کۆمپیوتەر، لەم چەند ساڵەدا گۆڕانکاریی بەسەر تواکان و دیزاینەکەی داهاتووە، نموونەی ئەو ماوسەی کە لێرەدا وێنەکەی دەبینن، کە زیاتر وەك پەنجەوانەیەك دەچێت و لەپەنجە دەکرێت. ماوسی ION Air ماوسێکە دەکرێت چەند مەترێك لەکۆمپیوتەرەکەش دوور بێت، بەڵام کۆنترۆڵی کۆمپیوتەر بکات. بەپێی ئەو دوگمانەی لەپەنجەی دەکەی فەرمانەکان دیاریکراون، هەر پەنجەیەك فەرمانێك جێبەجێ دەکات.



# ئەو سایتەی وێنەکانتان دەکاتە نیگەتیڤ



ماوەیــەك لەمەوبــەر كۆمپانیای ســۆنی لەریكلامكردن بۆ كامێــرای كامپكتی خۆی لەوێنەیەكی نێگەتیڤ ســوودی وەرگرتبوو كە بەســەیركردنی وێنەكە بۆ مــاوەی 30 چركە پاشان سەیركردنی دیوار، وێنە نێگەتیڤەكە لەسەر دیوارەكە بەشــێوەی وێنەیەكی تــەواو رەنگی دەبینی. ئەگەر ئێــوەش حەز دەكەن وێنەكانتان بكەن بەنێگەتیڤ و تا خەڵك ســەیری بكەن و پاشان لەسەر دیوار وێنە راســتەقینەكە ببینن، سەر لەسایتێكی ئیسپانیایی بەناوی Fotore-galo بدەن.

بۆ ســوود وەرگرتن لەو ســایتە تەنیا ئەوەندە بەســە كە بەیوزەر و پاسۆردی فەیسبووكەكەت لەو بەشــەی دیاریكراوە لەو ســایتە بیكەیەوە و پاشــان بەداگرتنی دوگمەی فەرمانی OK و لەسەر دوگمەی Creat ئەو وێنانەی كە لەسەر فەیســبووك دات بەزاندوون نیشــان دەدرێن، كە بەدیاریكردنی وێنەیەكی تایبەت، وێنەكە دەبێتە نیگەتیــڤ و بەرامان بۆ مــاوەی 30 چركە لەوێنەكە و پاشان سەیری دیواركردن وێنەكە دەبێتە وێنەیەكی رەنگی راســتەقینە. ســایتەكە هەر ئــەو خزمەتگوزارییەی تێدا نییە، بگرە چەندین خزمەتگوزاری دیكەی لەخۆهەڵگرتووە.

# پرێنتەرێکی خێرا و پورت



ئێســتاكە كە هەموو ئەركەكان بەمۆبایل ئەنجام دەدرێن و هەموو مۆبایلە هۆشمەندەكان كامێرایەكــی دیجیتالــی بەهێزیــان هەیە، چاوەڕوانــی ئــەوە دەكرا كــە پرینتەرێكی تایبــەت بەمۆبایل بەرهەم بێــت. ئەوانەی ساڵانی هەشــتاكان كۆمپانیای Polaroid یان دێتەوە بیر كە كامێراكەی بەبێ چوون بۆ تاقیگە هەر دوای كێشانی وێنەكە وێنەكەی دەدایەوە، ئێستاش هەمان كۆمپانیای ناوبراو پرینتەرێكی بەرهەم هێناوە تایبەتە بەمۆبایل

# ئایا لە بارەی Pinterestەوە هیچ دەزانی



رەنگــە كەمتــان لەبــارەی Pinterest ـەوە شــتێكتان بیســتبێت؟ لێــرەدا ئاماژەیەك بەپینتەرسێت دەكەین.

پینتەرسێت سایتێكی زۆر تایبەت و تۆرێكی كۆمەڵایەتــی ســەرنج ڕاكێشــە، ئەدەرســی ســایتەكە ئاوایە (pinterest.com) سایتەكە وەك بۆڵتن بۆردێكی یــان تەختەیەكی ریكلام لەشــوێنە گشــتییەكان دەچێت. هەر وێنەیەك كە لەســایتێكی دیكەدا ســەرنجی ڕاكێشاون دەتوانن بەو تەختەیەی هەڵواســن. لەڕاســتیدا دەكرێ بڵێن ســایتەكە پێكهاتــووە لەكۆمەڵێ وێنەی براو لەكتێبــە جۆراوجۆرەكان، دەفتەری یادداشتی رۆژانە و ئەو وێنانەی كە بەدیواری ژوورەكەتان هەڵیدەواسن بەو سایتە هەڵدەواسرێن. وێنە هەڵواســین لەو ســایتەدا زۆر ئاســانە، بەدیاریكردنــی هەر وێنەیەك كە لەســایتێكدا ســەرنجتان ڕادەكێشــت، دیاری بكــەن و زۆر بەئاســانی هەڵدەواســرێت. وەك فەیسبووك و یان تۆڕێكــی دیكەی كۆمەڵایەتــی دەتوانن ڕاوبۆچوونت لەســەر وێنەی كەسانی دیكەش كە هەڵیانواسیوە بدەی. چۆنییەتی هەڵواسینی وێنەكان لەلای یەك و دروستكردنی دیزاینێكی جوان لەوێنەكان بەهرەی خاوەنەكەی دەردەخات، بۆ تاقیكردنەوەش بێت سەرێك لەو سایتە بدە.

# مۆبایلێکی نوکیا کامێـ



كۆمپانیــای نۆكیــا كــە ئەمســاڵ لەكۆنگرەی مۆبایلدا لەشــاری بەرشــەلۆنا خەڵاتی یەكەمی وەرگــرت، مۆبایلێكی هۆشــمەندی بەرهەمهێناوە بەناوی PureView 808. ئــەوەی مۆبایلــی ناوبــراو لەمۆبایلەكانی دیكە جیا دەكاتەوە كامێراكەیەتــی كــە 41 میگاپیكســلە. (پیكســل بچووكترین خانەیــە كە وێنەی لێپێكدێت).

# ـــــــێبڵی تایبەت بە مۆبایل




و دەستبەجێ وێنەی مۆبایلەکە چاپ دەکات. پرینتـــەری Polaroid POGO پرینتەرێکی بچووکە و راســـتەوخۆ بەمۆبایلـــەوە پێوەند دەدرێت، هەروەها دەتوانرێت بەهۆی بلوتوس یا کێبڵـــی تایبەت بەمۆبایل پێوەند بدرێت و وێنەکان چاپ بکات. خاڵی جێگای سەرنج لەو پرینتـــەرەدا ئەوەیە کە بـــۆ چاپکردنی وێنەکان ســـوود لەحیبری تایبـــەت بەوێنە وەرناگرێت، هەر راست وەك وێنەی کامێرای فیلمەکانی.

# پرۆگرامێک بۆ بگۆڕی فۆرماتەکانی وێنەو ڤیدیۆ




ئەمرۆکە بەهۆکاری جۆراوجۆر فۆرماتەکانـــی دەنگ و رەنگ لـــە جیهانـــی مۆڵتـــی میدیادا گەلێکن، هەرکام لە فۆرماتەکان تایبەتمەنـــدی خـــۆی هەیـــە و هەر ئەو تایبەتمەندانەشـــە دەبێتە هـــۆی ئەوەی کـــە بەکارهێنەران زیاتر لایەنگریـــان بن. بۆ نموونە فۆرماتەکانی JPG بۆ فۆرماتی وێنە و فۆرماتی WMA و MP3 بۆ دەنـــگ لە ئەنتەرنێتـــدا زیاترین لایەنگریان هەیە بەڵام فۆرماتی AVI و یا MPEG2 زیاتر بۆ فیلم بە کوالیتی زۆر ئاســـت بەرز ســـوودی لێوەردەگیرێت.

هەندێـــك جـــار ناچـــاری فۆرماتێـــك بۆ فۆرماتێـــکی دیکە بگـــۆڕی، پرۆگرامێکی زۆر هەیـــە ئەم ئەرکە جێبەجـــێ دەکات، کە بە پرۆگرامی بگۆڕ ناســـراون. پرۆگرامی Xil-soft HD Video Converter یەکێکـــە لەو پرۆگرامە بگۆڕانە. پرۆگرامێکی زۆر تەواو کە هیچ فۆرماتێك نییـــە نەیگۆڕێت. چۆنییەتی بەکارهێنانەکەشـــی زۆر ئاسانە تەنیا بە یەك کلیك ئەرکەکە ئەنجام دەدات. خاڵێکی ســـەرنج راکێش لەو پرۆگرامـــە دا ئەوەیە کە تەنیا هەر فایلی ڤیدیۆیی ناگۆڕێت، بگرە فایلی وێنەیش دەگۆڕێت. توانایەکی دیکە کە لەو پرۆگرامەدا هەیـــە ئەوەیە کە دەتوانـــی فایلەکان بەش بەش بکەی. بۆ نموونە لە فیلمێکی یەك کاتژمێریدا نیازت هەیە تەنیـــا دە خولەك بگۆڕی، ئەوەی ترت پێویســـت نییـــە، بەهۆی ئـــەو پرۆگرامە بەئاسانی ئەمە جێبەجێ دەبێت.

# ـــــــراکەی 41 میگا پیکسلە




لەراستیدا مۆبایلەکە بەکوالیتی 41 میگاپیکسل وێنە ناگرێ، بەڵکو بە دروســـتکردنی 7 پیکســـلی نزیك لەپیکســـلی وێنەکان، کوالیتی وێنەکان بەشـــێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەباتە سەرێ. دیزاینی مۆبایلەکە جێگای سەرنجە، چونکە کەمتر لەیەك ســـم بارستایەتی. شاشەکەی 4 ئینجـــە، رامەکـــەی 512 میگابایتە. جگە لەوەش کامێراکەی گرتەی ڤیدیۆیی بەکوالیتی Full HD دەگرێت.




خوێنەرێکی بەرێز گرفتێکی بۆ هاتۆتە پێش و بەپرسیارێك گرفتەکەی ئاراستەی فایلی ئایتی کردووە و دەپرسێت، من حەز دەکەم کاتێك دەچمە سەر ئینتەرنێت، دواتر کە دەچمە دەر لەســـایتەکان هیچ کەسێك نەزانێت کە ســـەرم لەچ سایتێك داوە، یان حـــەز دەکەم ئەو مەبەســـتانەی لەگوگڵدا بەدوایـــان دەگەڕێم کەســـی تـــر نەزانێت بەدوای چیدا گەڕام و چم سێرچ کردووە، چونکە هەموو جارێ هەموو ئەو شتانەی سێرچی دەکەم لەگوگڵدا نیشان دەدرێن بۆ چارەسەری ئەم گرفتە چ بکەم..

خوێنەری بەرێز، گەر حەز دەکەی شوێن پێیت لەسایتەکاندا نەبیندرێ، یان هیچ کەس نەزانـــێ بەدوای چیدا گەڕاوی، ئەمە زۆر ئاســـانە، دەتوانی لەبەشی History لەهەر پرۆگرامێکی تایبەت بەکردنەوەی سایتەکان چ گـــوگڵ کـــرۆم بێـــت، چ ئینتەرنێت ئیســـکپلۆرێر بێت، چ فایرفۆکس، یا هەر پرۆگرامێکی دیکە بدۆزیەوە و کە لەمینۆی file دایە بدۆزیەوە و لەوێدا بەویستی خۆت Clear بکەی واتە بیسڕیەوە. لەودا دەتوانی بەپێی کاتژمێر یا رۆژ یا هەفتە یا مانگ دیـــاری بکە و واتە دەتوانی تەنیا شـــوێن پێی چەند کاتژمێـــر لەمەوبەرت یان چەند رۆژ لەمەوبەرت بسڕیتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا چەندین پرۆگرام هەن کە ئەم ئەرکە ئەنجام دەدەن وەك پرۆگرامی East-Tec Eraser کـــە ئۆتۆماتیکـــی دوای کوژاندنـــەوەی کۆمپیوتەرەکەت هەموو ئەو ســـایتانەی کە سەردانت کردوون و لەسەر کۆمپیوتەرەکەت ماون دەسڕێنەوە..